# دایکی ئیمانداران خاتوو خەدیجە

# (ڕەزای خوای لێ بێت)

[ کردي – کوردی – kurdish ]


**دکتۆر خالید موحەممەد ساڵح**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2014 - 1435

IslamHouse.com

# أم المؤمنين خديجة رضي الله عنها

« باللغة الكردية »


خالد محمد صالح

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1435

IslamHouse.com

## دایكی ئیمانداران خاتوو خەدیجە (ڕەزای خوای لێ بێت)

خێزانی یەكەمی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ناوی خاتوو: (خَدِيجَةُ بِنْتُ خُوَيْلِدِ بْنِ أَسَدِ بْنِ عَبْدِ الْعُزَّى)یە، دایكیشی ناوی (فَاطمَةَ بِنْتِ زَائِدَةَ بْنِ الْأَصَمّ)ە ـ خاتوو خەدیجە یەكێك بووە لەو ئافرەتانەی كە لەناو قوڕەیشدا بە ڕەوشتبەرزیی، ژیریی، قسەزانی، دەوڵەمەندی ناسراو بووە، لە بەر داوێنپاكی و ڕەوشتبەرزی نازناوی (الطاهرة)ی لێ نرابوو ـ بەر لەوەی ببێتە خێزانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم).

خاتوو خەدیجە دوو شووی تری كردووە، شووی یەكەمیان بە (عَتِيقَ بْنَ عَائذ) بووە، شووی دووەمیشیان بە (أَبُو هَالَة التَّمِيمِىُّ) بووە ـ سەرەڕای ئەوەی كە بێوەژنیش بووە و تەمەنیشی هەبووە، بەڵام لەبەر ڕەوشتبەرزی چەندین كەسی ناودار و خاوەن هۆز و سامان و دەسەڵات داوایان كردووە، بەڵام ئەو شووی بەكەسیان نەكردووە.

-

لە تەمەنی چل ساڵیدا و لەبەر سەرڕاستی و دەست پاكی و ڕەوشتبەرزی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، خاتوو خەدیجە هاوەڵێكی خۆی بە ناوی(نَفِيسَةَ بِنْتَ مُنية) دەنێرێتە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و پێی ڕادەگەیەنێت كە ئەو ئامادەیە شووی پێ بكات ئەگەر پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) بیەوێت ـ پێغەمبەری خودایش (صلى الله عليه وسلم) داواكەی

خاتوو خەدیجە ڕەت ناکاتەوە و لە تەمەنی بیست و پێنجساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات.

پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) بەر لە خاتوو خەدیجە هیچ خێزانی تری نەبووە. ماوەی نزیکەی بیست و پێنج ساڵ ژیانی هاوسەرییان بەردەوام بووە، پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) لەو ماوەیەدا هیچ ژنی تری بەسەر خاتوو خەدیجە نەهێناوە. پاش ئەوەی پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) نیگای لە ئاسمانەوە بۆ دێت و دەبێت بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)،

خاتوو خەدیجە یەکەم کەس بووە کە باوەڕی بە پەیام و پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هێناوە. لە ماوەی ژیانی هاوسەرییاندا خوای گەورە سێ کوڕ و چوار کچی پێ بەخشیون:کوڕەکان بە ناوەکانی (قاسم) کە یەکەم منداڵیان بووە و پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) بە نازناوی ئەوەوە بانگ کراوە بە (أبا القاسم) پاشان: (عبد الله) و پاشتر (طیب، یان طاهر).کچەکانیش بە ناوەکانی: (زَيْنَب)، (رُقَيَّه)، (أُمَّ كُلْثوم) و (فَاطِمَة).

خاتوو خەدیجە هەر لە مەککە سێ ساڵ بەر لەوەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کۆچ بکات بۆ مەدینە لە مانگی ڕەمەزاندا و لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵییدا کۆچی دوایی کردووە، تەرمی پیرۆزی لە (الحجون) بەخاك سپێردراوە، ئەوکات پێغەمبەری

خودا (صلى الله عليه وسلم) تەمەنی پەنجا ساڵان بووە. خاتوو خەدیجە یەکێك بووە لەو خێزانانەی کە رۆڵێکی زۆر گرنگ و بەرچاوی بینیوە لە سەرخستن و پشتگیریکردن لە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) و بانگەوازەکەی، بەتایبەتی لە سەرەتاکانی بانگەوازدا، هەر بۆیەیش کە خوای پەروەردگار هەر لە ژیانیدا مژدەی بەهەشتی پێ داوە،

ئەبوهورەیرە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: (( أَتَي جِبْرِيلُ النَّبِيَّ (صلي الله عليه وسلم) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ (صلي الله عليه وسلم) هَذِهِ خَدِيجَةُ قَدْ أَتَتْ مَعَهَا إِنَاء فِيهِ طَعَامٌ وَشَرَابٌ، فَإِذَا هِيَ أَتَتْك فَاقْرَأْ عَلَيْهَا السَّلَامَ مِنْ رَبِّهَا، وَبَشِّرْهَا بِبَيْتٍ فِي الْجَنَّةِ مِنْ قَصَبٍ لَا صَخَبَ فِيهِ وَلَا نَصَبَ))..

واتە: جبریل هاتە خزمەتی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) و پێی فەرموو، ئەی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم)، ئەوە خەدیجەیە هات، خوانێکی پێیە خواردن و خواردنەوەی تێدایە، ئەگەر گەیشتە لات، پێی رابگەیەنە کە خوای پەروەردگار سەلامی لێ دەکات، مژدەیشی بدەرێ بە کۆشکێك لە ئەڵماس و مرواری لە بەهەشتدا کە نە ناخۆشی و نە نەخۆشی تێدا نابینێت.

هەرووەها پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) زۆر خۆشی ویستوە و تەنانەت دوای وەفاتیشی هەر باسی چاکە و یادەوەرییەکانی کردووە و هەمیشە کەس و کار و دۆستان و

خزمەکانی لە بۆنەکاندا بەسەر کردوونەتەوە و بە باشترین ئافرەتانی سەر زەوی ناوی بردووە و فەرموویەتی: {خَيْرُ نِسَائِهَا مَرْيَمُ بِنْتُ عِمْرَانَ، وَخَيْرُ نِسَائِهَا خَدِيجَةُ بِنْتُ خُوَيْلِدٍ}.

واتە: باشترینی ئافرەتانی ئەم سەرزەوییە، خاتوو مەریەمی کچی عیمران و خاتوو خەدیجەی کچی خوەیلدە ـ تەنانەت پێغەمبەری خودا (صلی اللە علیە وسلم) ئەوەندەی باس دەکرد و وەسفی دەکرد، تا ئەو ئاستەی کە خاتوو عائیشە دەفەرموێت: (( مَا غِرْتُ عَلَي امْرَأَةٍ مَا غِرْتُ عَلَي خَدِيجَةَ وَلَقَدْ هَلَكَتْ قَبْلَ أَنْ يَتَزَوَّجَنِي بِثَلَاثِ سِنِينَ لِمَا كُنْتُ أَسْمَعُهُ يَذْكُرُهَا)).

واتە: هەرچەندە خاتوو خەدیجە سێ ساڵ بەر لەوەی من ببمە خێزانی پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) کۆچی دوایی کردبوو لە ژیاندا نەمابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خودا (صلی اللە علیە وسلم) ئەوەندە باسی دەکرد و یادی دەکرد، ئەوەندەی لەو غیرەم دەکرد لە هیچ خێزانێکی تری پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) ئەوەندە غیرەم نەدەکرد.

سەرچاوە: کتێبی (ڕەواندنەوەی گومانەکان) ـ کەناڵی توێشوو...